# ئامرازەکانی تێکۆشان

## پوختەی (50) ساڵ گەڕان بەدوای ڕاستیدا

نوسینی: ئەحمەد دیدات

وەرگێڕانی: ---------------؟

## چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تێکۆشان

جیهانی مەسیحی موشەکێکی هاوێشت لەجۆری (سکۆت). پەرتوکی پیرۆزیان وەرگێڕا بۆ سەر دووهەزار زمان لە زمانەکانی جیهان .لەبەریانگرتەوەو بڵاویان کردەوە . تەنها بۆ عەرەب (15) دەقی نوسراو بە (15) زاراوەی جیاواز, وەئەم ڕاستیە ڕوندەبێتەوە لە لاپەڕەی دواتر کە وێنەیەکی دانراوە بۆ دەقێکی زانراو .لەبەریانگرتەوەو بڵاویان کردەوە هەر ئەو دەقەیە کە بە (15) زاراوە لە زاراوەکانی جیهانی عەرەبی . ئەوەش بەرێزان ئینجیلی زمانە زۆرەکانە.
ئەگەر ئەم پەرتوکە بچوکەت لابێت, واتلێدەکات کە ڕێگەبگریت لە موشەکەکەیان کە لەجۆری (سکۆدە) بەموشەکێکیتر دژی ئەو موشەکە کە لە جۆری (پاتریۆت)ە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەبێت کە هەندێ ماندو بین . پێویستە کۆپیەکی ئینجیلت دەست بکەوێت, وە کۆپیەك لەم نامیلکەیەی بەردەستت بە بەرگی ئەو ئینجیلەوە بلکێنە. وەکو پێرستێك بەکاری بهێنە وەپاشان تێی بڕوانە. دواتر بابەتێك دەستنیشان بکە لەناو پێرستەکەدا وەك نمونەیەك وەری بگرە بۆ ڕونکردنەوەی بەکارهێنانی ئەم پەرتوکە. بابەتێك هەڵبژێرە بەناوی (تۆلازی) (پەیوەندی سەرجێی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەدا) کە لاپەڕە ( 18)یە. وشەی (تۆلازی)مان دۆزیەوە لە ناو ناونیشانەکانی لاپەڕە ( 18)دا لەم نامیلکەیەدا. بیهێنە پێش چاوی خۆت مانای (تۆلازی) وەك تێگەیشتنێکی فقهی . سەرەڕای ئەوەش بە گوێرەی پەیوەندیە سەرجێییە قەدەغە کراوەکان لەناو هەموو شەریعەتەکاندا بۆ نمونە لەنێوان باوکو......

لەژێر ناونیشانی(تۆلازی)دا دەیدۆزینەوە بەئاماژەبە پەرتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 19: 33- 35 واتە پەرتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين), بەشی نۆزدەیەمین, ڕستەی ژمارە (33 و 34 و 35) ئەوڕستانەی کە ئاماژەمان پێکد بەسەریاندا بچۆرەوەو, لەژێر ئەم ڕستانەدا هێڵێکی سور بکێشە پاشان لەبەشی سەرەوەی ئەولاپەڕەیەی کە ئەم ڕستانەی لەخۆگرتووە بە پێنوسێکی سور بنوسە (پەیوەندی سەرجێی لەنێوان باوك و کچەکانی) پاشان لە لێواری خوارەوەی لاپەڕەکەدا ئەو بابەتانەی تر بنوسە کەپەیوەندیان بەم باسەوە هەیە وەك پەیوەندی سەرجێی لەنێوان دایك و کوڕ لە پەرتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 35: 22 دواتر بڕۆ بۆ ڕستەی 22 لە بەشی 35 لە پەرتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) وە هێڵێکی سور بهێنە بەژێریدا. پاشان شوێنەکانی تر بنوسە وەکو پەرتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 38: 15 – 18 هێڵێکی سور بهێنە بەژێریدا هەر وەك حاڵەتەکەی پێشو کە ڕونمانکردەوە. بەمشێوەیە دەتوانین بەرەنگاری مەسیحیەکان ببینەوە لە هەر هێرشێك کە دەیکەن وە تیایدا ئینجیل وەك چەکێکی ئەساسی بەکاردێنن.

تۆ پرسیاربکە لەو موژدەدەرە مەسیحیەی کە نزیکدەبێتەوە لێت, سەبارەت بە پێناسەی پەیوەندی سەرجێیی قەدەغەکراوی نێوان خزمەکان وەك باوك و کچ یان دایك و کوڕ یان خوشك و برا. وەپرسیاری لێبکە بزان بۆچونی چیە سەبارەت بەم باسە. یارمەتی بدە کە تێبگات بۆچی ڕێگەپێنەدراوە هەروەك و کە خۆت دەیزانی. پاشان داوایلێبکە کە ئینجیلەکەی بکاتەوە وەداوابکە

کە ئەو ڕستانە بخوێنیتەوە کە تۆ هێڵت هێناوە بەژێریاندا. پرسیاری لێبکە ئایا هیچ حیکمەت و وانەیەکی تیادایە کە ئەو زانیاریانە لەناو ئینجیل نوسراوە. ڕوندەبێتەوە کە هیچ وانەیەکی تیادانیە بەمشێوەیە دەردەکەوێت کە ئینجیل پەرتوکێکی ئەخلاقی نیە . پاشان هەمان ڕێگا بەکاربهێنە بۆ بابەتەکانی دیکە وەك بابەتی محەمەد (درودی خودای لەسەربێت), پێنوسێك بەکاربهێنە کەرەنگی سەوز بێت بۆئەوەی جیایان بکەیتەوە.

وە بۆ بابەتێکی تری وەك هاودژەکان پێنوسێکی زەرد بەکار بهێنە, بەمشێوەیە دەتوانیت لە ئینجیل کۆپییەکی تایبەتت دەستبکەوێت وەك کلیلێکی گونجاوی ڕێکو پێك لە ئینجیل کە ئامادەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی موژدەدەرە مەسیحیەکان.

لە پەرتوکی پیرۆزەوە

## ئینجیل بەزمانە جیاوازەکان

نمونەیەك لەنێوان 875 زماندا

پانزە وەرگێران تەنها بۆ برایانی عەرەب

1- اللغة العربية ، للعرب الناطقين بالعربية الفصحى عام 1871 م .
2- اللغة العبرية ، لليهود العرب . عام 1892 م .
3- اللهجة التونسية ، للعرب في تونس . عام 1903 م .
4- اللغة السريانية ، لبعض العرب في سوريا . عام 1927 م .
5- اللجة العربية الجزائرية : لبعض العرب الجزائر . عام 1930 م .
6- لهجة أخرى جزائرية عامية لبعض العرب بالجزائر وتونس . عام 1933 م .
7- لهجة عربية مصرية لبعض العرب في مصر (علشان بدلاً من لأن ) عام 1940 م .
8- لهجة عبرية أخرى ليهود المغرب العربي . عام 1932 م .
9- لهجة عربية ملطية لأهل جزيرة مالطة . عام 1872 م .
10- لهجة عربية مغاربية عامية للعرب في المملكة المغربية . عام 1932 م .
11- لهجة عبرية مغاربية لبعض العرب في المملكة المغربية . عام 1920 م .
12- لهجة عربية فلسطينية ( لا بأس من وضع الهمزة تحت الألف في كلمة مثل : إختي ) عام 1946 م .
13- لهجة عربية سودانية ( لكم تصبح ليكم ) لجنوب السودان – عام 1955 م .
14- طبعة مطبوعة بحروف لاتينية لواحدة من اللهجات – عام 1927 م .
15- طبعة مطبوعة بحروف عربية ذات رسم خاص لبعض أنحاء تونس – عام 1911 م



FROM THE BOOK
"THE GOSPEL IN MANY TONGUES"
SPECIMENS FROM 875 LANGUAGE
FIFTEEN DIFFERENT SCRIPTS FOR OUR
ARAB BROTHERS ALONE!!

21 ARABIC.
Arabic char. 1871
[illegible]

Hebrew char. For Jews 1892
[illegible]

Tunisian script. Tunisia. 1903
[illegible]

ARABIC (CARSHUNI).
Syriac char. For Syrians. 1827
[illegible]

22 ARABIC: Algerian Colloquial. Algeria. 1930
[illegible]

ARABIC: Algerian-Tunisian Colloquial. Algeria and Tunisia. 1953
[illegible]

23 ARABIC: Egyptian Colloquial. Egypt. 1940
[illegible]

24 ARABIC: Judaeo-Arabic of North Africa (Judaeo-Tunisian). Jews in N. Africa
Hebrew char. 1932
[illegible]

25 ARABIC: Maltese. Malta. 1872
Ghaliex Alla hecca hab id dinia illi tà l' Iben tighu unigenitu, sabiex collmin jemmen bih ma jintilifx, iida icollu il hajja ta dejem.

26 ARABIC: Moorish Colloquial (Mogrebi). Morocco.
Arabic char. 1932
[illegible]

Hebrew char. 1920
[illegible]

27 ARABIC: Palestinian Palestine. 1946
اللي يعمل ارادة الله هو اخي واختي وامي.

28 ARABIC: Southern Sudan Colloquial. S. Sudan
Arabic char. 1955
[illegible]

Roman char. 1927
Fi shân az-zôl el ya'mil irâdat Allah, huwa âkhi wa ukhti wa ummi.

29 ARABIC: Tunisian Colloquial. Tunisia. 1911
[illegible]

WHAT IS THE MUSLIM RESPONSE
TO THIS CHRISTIAN ONSLAUGHT?

3

(پانزە وەرگێڕان تەنها بۆ برایانی عەرەب)

وەڵامی مسوڵمانان چیە لەسەر ئەو هێرشە توندەی مەسیحیەکان؟

**یەکەم: عەرەب و دورگەی عەرەبی لە ئینجیلی مەسیحیەکاندا.**

1. وەحی لە زەوی عەرەبەوە: پەڕتوکی ئیشایا (أشعياء) 21: 13 - 14 ((سروشێك سەبارەت بە عەرەبستان: ئەی کاروانی دیدانییەکان، ئەوانەی لەنیو دەوەنەکانی عەرەبستان شەو بەسەر دەبەن، بەرەوپیری تینوو، ئاو بهێنن،ئەی دانیشتووانی خاکی تیما، بە نانەوە بەرەوڕووی هەڵاتوو بچن.))

چاپی کۆلینزی ئینگلیزی ناونیشانی داوە بەم بەشە, بەناونیشانی بەرپرسیارێتی لەسەر دورگەی عەرەبیدا (The Burden upon Arabia) .

خودای گەورە پێویستیکرد لەسەر عەرەب ئەرکی گەیاندنی پەیامەکەی بۆ مرۆڤایەتی.

2. گوندەکانی قێدار: پەڕتوکی ئیشایا (أشعياء) 42: 11 ((با چۆڵەوانی و شارۆچکەکانی دەنگ بەرز بکەنەوە،گوندەکانی نشینگەی قێدار,با دانیشتووانی سەلەع هاواری خۆشی بکەن، لە لوتکەی چیاکانەوە هاوار بکەن.))

وەکو زانراوە قێدار عەرەبەو لەنەوەی ئیسماعیلە (درودی خوای لێبێت) وە یەکێکە لە باپیرەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت).

3. هاتوە لە پەڕتوکی حزقیئێل27: 21 ((عەرەبستان و هەموو میرەکانی قێدار بریکاری تۆ بوون، لە بەرخ و بەران و نێری، بەمە بازرگانییان بۆ کردیت.))

4. هاتوە لە پەڕتوکی دوا وتاری موسا (التثنية) 33: 2 ((لە سیناوە هات و لە سێعیرەوە بەسەریاندا هەڵهات، لە کێوی (پاران)(لەدورگەی عەرەبیدایە) درەوشایەوە و سەت هەزار ئەولیایی لەگەڵ بوو، لە دەستە ڕاستیشی ئاگرێکی گڕدار.))

وەرگێر دەقی عەرەبی بە ئینگلیزیەکە بەراورد دەکات کە وەرگێرراوە عەرەبیەکە خۆی لە گێلی داوە چونکە ئەم دەقە ئاماژەیە بە فەتحی مەکە کە پێغەمبەری ئیسلام کردویتی, (100000)کە لە چاپی عەرەبیدا لابراوە بەڵام لە چاپە ئینگلیزیەکەیدا بونی هەیە, ئایا وەرگێرانە عەرەبییەکە لەئەنقەست ئاماژەی بۆ 100000 ئەولیاکە نەکردووە کە مەبەستی هاوەڵەکانی پێغەمبەرە یان وەرگێرە ئینگلیزیەکە خۆی بۆی زیادکردووە. لەکاتێکدا هەردوو وەرگێرانەکە لەیەك سەرچاوەوە کراوە داوادەکەین بەراوردی هەردو چاپی عەرەبی و ئینگلیزیەکە بکەن لە پەڕتوکی دوا وتاری موسا (التثنية) بەشی 33 ڕستەی یەك و دوو.

ئاماژەیەکە بۆ فەتحی مەکە.

5. لە پەڕتوکی دوا وتاری موسا (التثنية) 32: 21 هاتوە((ئەوان بەوانەی خودا نین ئیرەییان وروژاندم، بە بتە پووچەکانیان پەستیان کردم، جا منیش وایان لێدەکەم کە بەغیلی بەرن بەوانەی کە گەل نین، بە نەتەوەیەکی گێل(مەبەستی عەرەبەکانە لە سەردەمی نەفامیاندا) پەستیان دەکەم.))

**دووەم: ئیبراهیم**

ئایا ئەو لەگەڵ (سارا)ی خوشکی خۆیدا هاوسەرگیری کردووە؟

1. ((بۆچی وتت "ئەو خوشکمە"، تاکو بردم بۆ ئەوەی ببێتە ژنم؟ ئێستاش ئەوەتا ژنەکەت. بیبە و بڕۆ!)) پەڕتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 12: 19

2. ((هەروەها لەڕاستیدا ئەو خوشکمە, وە بووە بە ژنم)) پەڕتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 20: 12

ئایا هاجەر ژنی پێغەمبەر ئیبراهیم بوو؟ ((ئینجا سارەی ژنی ئیبراهیم, هاجەری کەنیزەکە میسرییەکەی هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعاندا، دای بە ئیبراهیمی مێردی تا ببێت بە ژنی.)) پەڕتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 13: 3

پەیمانەکە نەهاتەدی:

1. ((چونکە هەموو ئەو زەوییەی دەیبینیت دەیدەمە تۆ و نەوەی تۆ هەتاهەتایە)) پەڕتوکی پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 15: 13

وە هەروەها پەڕتوکی دەرچوون (الخروج) 15: 13((ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی خزمەتکارانت بەبیر بێتەوە کە بە گیانی خۆت سوێندت بۆیان خوارد و پێت فەرموون، نەوەکانتان زۆر دەکەم وەك ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم خاکەش کە باسم کرد، دەیدەم بە نەوەکانتان و دەبێتە موڵکیان بۆ هەتاهەتایە))

بەڵام خودا هیچ زەوییەکی نەدا بە ئیبراهیم لە خاکی فەڵەستین بەگوێرەی ئەم دەقەی کەدێت لە تەورات کەپێچەوانەی دەقی پێشووە:

((لێرەدا هیچ میراتێکی نەدایێ، تەنانەت شوێن پێیەکیش. بەڵام خودا بەڵێنی پێدا کە بە موڵك بیداتە خۆی و نەوەکەی لەدوای خۆی، هێشتا منداڵی نەبوو)) کرداری نێرراوان (أعمال الرسل) بەشی 7: 5

## سێیەم: ئەفسانە نابەجێکان

1. قسەکردنی کەری کێوی کە هاتووە لە پەرتوکی سەرژمێری (العدد) بەشی 22: 27 - 28

((کە ماکەرەکە فریشتەی یەزدانی بینی، لە ژێر بەلعامدا کەوت، جا تووڕەیی بەلعام جۆشا و بە گۆچانەکەی لە ماکەرەکەی دا، ئینجا یەزدان دەمی ماکەرەکەی کردەوە و بە بەلعامی وت: (چیم لێکردوویت؟ بۆچی تا ئێستا سێ جار لێت دام؟))

2. باڵندەی چوارپێ((هەموو مێرووێکی باڵدار کە لەسەر چوار پێ بڕوات بۆ ئێوە قێزەونە)) ڕێنمایی کاهینیەتی (اللاوين) 11: 20

لەدوای دایکبونی کچ دایك دوجار پیس دەبێت, پەرتوکی پیرۆز دەڵێت کاتێك کوڕ لەدایك دەبێت, دایك یەك هەفتە پیسدەبێت وە ئینجیل دەڵێت:

3. ((لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدووێ و بڵێ: "ئەگەر ژنێك سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، ئەوا بەپێی ڕێوڕەسم بۆ حەوت ڕۆژ گڵاو دەبێت، هەروەك لە ڕۆژانی خوێن لێچوونی مانگانەی گڵاو دەبێت. لە ڕۆژی هەشتەمدا کۆرپەکە خەتەنە دەکرێت، ئینجا دایکەکە سی و سێ ڕۆژی دیکە دەمێنێتەوە تا لە خوێن لێچوونەکەی پاك ببێتەوە، بەر هیچ شتێکی پیرۆز ناکەوێت و بۆ پیرۆزگا ناچێت، تا ڕۆژانی پاکبوونەوەی تەواو دەبێت. ئەگەر کچی بوو، ئەوا دوو هەفتە پاك نابێت، هەروەك لە خوێن لێچوونی بێت، ئینجا شەست و شەش ڕۆژی دیکە دەمێنێتەوە، تا لە زەیستانییەکەی پاك ببێتەوە)) ڕێنمایی کاهینیەتی (اللاوين) 12: 2 – 5

4. ((دوای ئێهود (شەمگەر)ی کوڕی (عەنات) بوو، کە شەش سەد پیاوی لە فەلەستییەکان بە گۆچانی گاوانی کوشت و هەروەها ئەویش ئیسرائیلی ڕزگارکرد.)) ڕابەران (قضاة) بەشی 3 - 31

5. ((ئینجا شەمشون شەویلاکێکی کەری دۆزییەوە کە هێشتا وشك نەببوۆە، هەڵیگرت و هەزار پیاوی بەوە کوشت. ئینجا شەمشون وتی: بە شەویلاکی کەرێك ئێومە کردە کەرگەل، بە شەویلاکی کەرێك هەزار پیاوم کوشت)) ڕابەران (قضاة) بەشی 15: 15- 16

6. پڵنگی حەوت سەر (( دواتر لەسەر خۆڵی دەریا ڕاوەستام وە بینیم کێوییەك لە دەریاکە هاتە دەر کە (7) سەری هەبوو وە (10) شاخی هەبوو وە لەسەر هەر شاخێك (10) تاج هەبو وەك پێی ورچ وە دەمی وەك دەمی شێر بو وە هەژدیهایەك تواناو دەسەڵات و تەختی پێدا )) رؤیا یوحنا اللاهوتی 13: 1-2

7. خواردنی پیسای و خواردنەوەی میز ((فەرماندەکەش پێی وتن: ئایا گەورەم تەنها بۆ لای گەورەکەت و تۆی ناردووین تا ئەم قسانە بکەین؟ ئایا بۆ لای ئەو پیاوانەی سەر شووراکەی نەناردووین، تا پیسایی خۆیان بخۆن و میزی خۆیان بخۆنەوە لەگەڵتان؟ )) پاشایانی دووەم (الملوك الثاني) 18: 27

وەهەروەها ((فەرماندەکەش وتی: (ئایا گەورەم تەنها بۆ لای گەورەکەت و تۆی ناردووین تا ئەم قسانە بکەین؟ ئایا بۆ لای ئەو پیاوانەی سەر شووراکەی نەناردووین، تا پیسایی خۆیان بخۆن و میزی خۆیان بخۆنەوە لەگەڵتان)) ئیشایا (أشعياء) 36: 12

8. پیسی و پاشماوەی ئاژەڵ لەسەر دەم و چاو ((ئەوەتا من توخمتان سەرزەنشت دەکەم، ڕیخ دەدەم بە دەموچاوتاندا، ڕیخ بە جەژنەکانتاندا، جا لەگەڵیدا فڕێ دەدرێن )) مەلاخی 2: 3

9. خواردنی کێك لەگەڵ پیسی ((کولێرەی جۆ دەخۆیت، لەسەر ئەو پیساییەی لە مرۆڤەوە دەردەچێت لەبەرچاویان دەیبرژێنیت, یەزدان فەرمووی: نەوەکانی ئیسرائیل بەم چەشنە نانی گڵاو دەخۆن لەنێو ئەو نەتەوانەی بۆ لایان دەریان دەکەم )) حزقیئێل 4: 12-13

10. ((پاشان شەمشون چوو بۆ غەزە و لەوێ لەشفرۆشێکی بینی و چووە ژوورەوە بۆ لای)) ڕابەران (قضاة) 16: 1

11. ((هەر کە پاڵکەوت، بزانە شوێنی پاڵکەوتنەکەی کوێیە. بڕۆ لای پێی هەڵبدەوە و پاڵ بکەوە، ئیتر خۆی پێت دەڵێت چی بکەیت)) ڕاعوس 3: 4

12. ((داود لەگەڵ کچێکی جوانی گەنجدا دەخەوێ)) پاشایانی یەکەم (الملوك الأول)11: 1-3

### چوارەم: مەی

ئایا دەگونجێت ئامۆژگاری شەیتانی ئاوا هەبێت لە پەرتوکی پیرۆزدا؟

1. ((ئارەق بدە بەوەی لەناودەچێت،شەرابیش بەوانەی دەروونیان تاڵە, با بخواتەوە و هەژارییەکەی لەبیربکات، ئیتر ماندووبوونەکەی نایەتەوە یاد)) پەندەکان 31: 5-6

بەڵام کێ نامرێت و لەناو ناچێت ؟ کێ ژیانی ناخۆشی تیادانیە ؟ هەموو مرۆڤێك دەمرێت وە هەموو مرۆڤێك نا خۆشی هەیە لە ژیانیدا.

2. ((ئیتر تەنها ئاو مەخۆرەوە، بەڵکو هەندێك شەراب بەکاربهێنە لەبەر گەدە و نەخۆشییە زۆرەکانت)) تیمۆساوس 5: 23

3. ((لە ڕاستیدا مەی کاری شەیتانە)) سورة المائدة 90-91

## پێنجەم: کوشتنی هەڵگەڕاوەکان هەتا ئەگەر نزیکترین خزمیشت بێت

((ئەگەر براکەت، کوڕی دایکت، یان کوڕەکەت یان کچەکەت، یان ژنەکەی باوەشت، یان هاوڕێکەت کەوا وەك خۆتە بە نهێنی لەبن گوێت خوێندی و وتی: (دەڕۆین و خودای دیکە دەپەرستین) ئەو خوداوەندانەی کەوا نە تۆ و نە باوباپیرانت نەیانناسیوە, لە خوداوەندەکانی ئەو گەلانەی دەوروبەرت، ئەوانەی لێتەوە نزیکن یاخود دوورن لەمپەڕی زەوی تا ئەوپەڕی، لەگەڵی ڕەزامەند مەبە و گوێی لێ مەگرە و دڵت پێی نەسووتێت و دەستی لێ مەپارێزە و بۆی مەپۆشە، بەڵکو بە کوشتن دەیکوژیت، یەکەم جار دەستی تۆ لەسەری دەبێت بۆ کوشتنی ئینجا لە کۆتاییدا دەستی هەموو گەل، بەردبارانی دەکەیت تا دەمرێت، چونکە ویستی لە یەزدانی خودات لات بدات کە لە خاکی میسر لە ماڵی کۆیلەیی دەریهێنایت، ئەوسا هەموو ئیسرائیل دەیبیستن و دەترسن و جارێکی دیکە هیچ کەسێك لەنێوتان وەك ئەم بەدکارییە ئەنجام نادات )) دوا وتاری موسی (التثنیـە)13: 6-11

## شەشەم: منداڵی زینا (زۆڵ)

1. ((نابێت زۆڵ بێتە ناو کۆمەڵی یەزدانەوە، تا نەوەی دەیەم کەسی نایەتە ناو کۆمەڵی یەزدان)) دواوتاری موسا 23: 2

2. ((زۆڵ لە (ئەشدۆد)دا نیشتەجێ دەبێت و لووت بەرزی فەلەستییەکان لەناودەبەم و)) زەکەریا 9: 6

3. ((بەڵام ئەگەر تەمبێکردنتان نەبێت - لەوەی هەموویان بوونە هاوبەش,ئەوا زۆڵن و ڕۆڵەی نین )) عیبرانیەکان 12: 8

## حەوتەم: خەتەنە كردن

1. ((دەبێت ئەوەی لە ماڵەكەت لەدایك بووە یان بە زیو كڕاوە بە تەواوی خەتەنە بكرێت، جا پەیمانەكەم لە لەشی ئێوەدا پەیمانێكی هەتاهەتایی دەبێت)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 17: 13

2. ((هەر نێرینەیەكی خەتەنە نەكراویش، كەوا لەشی خەتەنە نەكرابێت، ئەوە لە نەتەوەكەیدا دادەبڕێت، چونكە پەیمانی منی شكاندووە)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 17: 14

## هەشتەم: یەكنەگرتنەوەی دەقەكان

1. ((دووبارە تووڕەیی یەزدان لەسەر ئیسرائیل گڕی گرت و داودی لێ هاندان و فەرمووی: (بڕۆ ئیسرائیل و یەهودا سەرژمێر بكە )) ساموئێلی دووەم 24: 1

پێچەوانەكەی: ((ئینجا (شەیتان) دژ بە ئیسرائیل ڕاوەستا و داودی هاندا بۆ سەرژمێركردنی ئیسرائیل)) یەكەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الأول) 21: 1

2. ((ئینجا ئارامییەكان لەبەردەم ئیسرائیلدا هەڵاتن و داودیش حەوت سەد گالیسكەسوار و چل هەزار پیادەی لە ئارامییەكان كوشت و لە شۆڤەخی سەركردەی سوپاكەیی دا و لەوێدا مرد)) ساموئێلی دووەم 10: 18

پێچەوانەكەی: ((ئینجا ئارامییەكان لەبەردەم ئیسرائیلدا هەڵاتن و داودیش حەوت هەزار گالیسكەسوار و چل هەزار پیادەی لە ئارامییەكان كوشت و شوفەخی سەركردەی سوپاكەشی كوشت )) یەكەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الأول) 19: 18

3. ((ئەستوورییەكەی چوار پەنجە بوو و لێوارەكەی وەك لێواری پەرداخ دروستكرابوو وەك گوڵی سەوسەن، هەروەها جێی دوو هەزار بەتی تێدا دەبووەوە))پاشایان یەكەم 7: 26

پێچەوانەكەی: ((ئەستووریەكەی چوار پەنجە بوو و لێوارەكەی وەك لێواری پەرداخ دروستكرابوو، وەك گوڵی سەوسەن، هەروەها جێی سێ هەزار بەتی تێدا دەبووەوە)) دووەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الثانی) 4: 5

4. ((سلێمان چوار هەزار تەویلەی ئەسپ و گالیسکە و دوازدە هەزار ئەسپ سواری هەبوو. جا لە شارەکانی گالیسکەکان و لەگەڵ پاشا لە ئۆرشەلیمدا داینان)) دووەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الثانى) 9: 25

پێچەوانەکەی: ((سلێمان چوار هەزار ئاخوڕی هەبوو بۆ ئەسپی گالیسکەکانی لەگەڵ دوازدە هەزار ئەسپ)) یەکەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الأول) 4: 26

5. ((کاتێك شاول پرسیاری لە یەزدان کرد، یەزدان نە بە خەوبینین و نە بە ئوریم و نە بە پێغەمبەرەکان وەڵامی نەدایەوە)) ساموئێلی یەکەم 28: 6

پێچەوانەکەی: ((شاول مرد بەهۆی ناپاکییەکەی کە دژ بە یەزدان کردی، کە فەرمایشتی یەزدانی پەیڕەو نەکرد، تەنانەت پرسوڕای بە نێوانگرکرد بۆ ڕێنمایی و داوای ڕێنمایی لە یەزدان نەکرد، جا کوشتی و پاشایەتییەکەشی دا بەدەست داودی کوڕی یەسا)) یەکەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الأول) 10: 13-14

6. ((کەس سەرنەکەوتووە بۆ ئاسمان جگە لەوەی لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە، کوڕی مرۆڤ))یۆحەنا 3: 13

پێچەوانەکەی: ((حەنۆخ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد و خودا بردیەوە لای خۆی، بۆیە ئیتر کەس نەیبینییەوە)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 5: 24

7. ((بۆ هاتنەدی ئەو قسەیەی کە فەرمووی: ئەوانەی پێت دابووم کەسیانم وننەکرد))یۆحەنا 3: 13

پێچەوانەکەی: ((کاتێ لەگەڵیان بووم بەو ناوەی کە تۆ بە منت دابوو دەمپاراستن و پاسەوانیم کردن، کەسیان لەناونەچوون کوڕی لەناوچوو نەبێت، تاکو نووسراو بێتە دی)) یۆحەنا 17: 12

8. (کە گوناهت بەرامبەر دەکەن، چونکە کەس نییە گوناه نەکات، جا کە لێیان تووڕە دەبیت و دەیانخەیتە بەردەم دوژمنەوە و ڕاپێچکارانیان ڕاپێچیان دەکەن بۆ خاکێك دوور بێت یان نزیك)) دووەم پوختەی مێژوو(أخبا الأيام الثانى) 6: 36

پێچەوانەکەی: ((هەر کەسێك لە خوداوە لەدایك بووبێت بەردەوام نابێت لە گوناه کردن، چونکە تۆوی خودا تیایدا دەچەسپێت و ناتوانێت بەردەوام بێت لە گوناه کردن، لەبەر ئەوەی لە خوداوە لەدایك بووە)) یەکەم نامەی یۆحەنا 4: 26

**نۆیەم: داود پێغەمبەری خودا تەورات وێنەکەی شێواندووە**

داود زینا دەکات لەگەڵ باتشیع ژنی ئۆریا

1. ((ئینجا داود چەند نێردراوێکی نارد و بردی و هاتە ژوورەوە بۆ لای و داود لەگەڵیدا نووست، ئەویش لە خوێن لێچوونی مانگانەی پاك ببووەوە. ئینجا ژنەکە گەڕایەوە بۆماڵەکەی, جا ژنەکە سکی پڕ بوو و ناردی و بە داودی ڕاگەیاند و وتی: سکم پڕە)) ساموئێلی دووەم 11: 5-4

2. ((بەشێوەیەکی دڕندانە, داود هۆکاری کوشتنی ئۆریابوو کە بەتشیع مێردی بوو)) ساموئێلی دووەم 11: 6-25

3. داود بێشەرمانە سەما دەکات بەڕوتی (Prophets but Naked. Page 28 )

## دەیەم: پەروەردگار

پەڕتوکی پیرۆز چەند سیفەتێکی داوەتە پاڵ خودا کە ناگونجێت لەگەڵ پاکی و بێگەردی خودا.

1. ((ئاڵا بۆ نەتەوە دوورەکان بەرز دەکاتەوە،لەوپەڕی زەوییەوە فیکەی بۆ دەکێشێت. ئەوەتا خێرابە پەلە دێن)) ئیشایا (أشعياء) 5: 26

وەهەروەها ((فیکەیان بۆ لێ دەدەم وکۆیان دەکەمەوە، چونکە دەیانکڕمەوە، جا زۆر دەبن وەك زۆر بوون)) زەکەریا10: 8

2. ((یەزدان وەك پاڵەوان دێتە دەرەوە،وەك جەنگاوەر دڵگەرمی دەهەژێت، دەقیژێنێت و هاوار دەکات، بەسەر دوژمنانیدا سەردەکەوێت)) ئیشایا (أشعياء) 42: 13

وەهەروەها ((تۆش هەموو ئەو پەیامەی من دژ بەوان ڕابگەیەنە و پێیان بڵێ:یەزدان لە بەرزاییی دەنەڕێنێت، لە نشینگەی پیرۆزیەوە دەنگ هەڵدەبڕێت و بەهێزبەسەر خاکی خۆیدا دەنەڕێنێت. وەك ئەوانەی تری پێ پەست دەکەن بە هوتافەوە هاوار دەکات بەسەر هەموو دانیشتووانی زەوی)) یەرمیا (إرمياء) 25 : 30

3. ((لەو ڕۆژەدا پەروەردگار بە گوێزانێکی بەکرێگیراو لەوبەری ڕووبارەوە بە پاشای ئاشور سەر و مووی بەرتان دەتاشێت و ڕیشیش دادەماڵێت)) ئیشایا (أشعياء) 7: 20

((ئەی ئۆرشەلیم، کێ دڵی پێت دەسووتێت؟ کێ بۆت خەمبار دەبێت؟ کێ ئاوڕدەداتەوە تا لە سەلامەتیت بپرسێت؟ تۆ وازت لە من هێنا،لێم یاخی دەبی، لەبەر ئەوە دەست درێژدەکەمە

سەرت و لەناوت دەبەم،لە لێبوردنت بێزار بووم ئەوە فەرمایشتی یەزدانە)) یەرمیا (إرمياء) 15
6-5 :

وەهەروەها ((یەزدان بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە, یەزدان خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروست کردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 6 : 5-6

4. ((لە تەنگانەمدا لە یەزدان پاڕامەوە وهاوارم بۆ خودای خۆم کرد، لە پەرستگاکەیەوە گوێی لە دەنگم بوو، هانابردنیشم بەر گوێی کەو . ئینجا زەوی لەرزی و هەژا،بناغەکانی ئاسمان هەژان، هەژان چونکە تووڕە بوو.دووکەڵ لە لووتییەوە سەرکەوت،ئاگر لە دەمی هاتە دەرەوە، پشکۆی داگیرساوی لێوە دەرچوو. ئاسمانی لێككردەوە و دابەزییە خوارەوە،هەوری تاریك لە ژێر پێی بوون.سواری کەڕوب بوو و فڕی، بەسەر باڵی بادا بەرز بووەوە)) ساموئێلی دووەم 22: 7-11

5. ((جا لە پیاوانی بێتشەمەشی دا، چونکە تەماشای ناو سندوقی یەزدانیان کرد، لە حەفتا کەسی دا. ئینجا گەل شیوەنیان گێڕا، چونکە یەزدان لێدانێکی گەورەی لە گەل دا)) ساموئێلی یەکەم 6: 19

## یانزدەیەم: یاریکردن بە پیتە لاتینیەکان کاتێك وشەی خودا دەنوسن

لە عەرەبی و عیبری و یۆنانیدا جیاوازی نیە لەنێوان پیتی (G)گەورەو پیتی(g) بچوکدا کاتێك بۆ خودا بەکاردێت. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەمرۆ, مەسیحیەکان بم پیتانە یاریانکردوە کاتێك وەریان گێڕاوە.

1. (( خودای ئەم جیهانە مێشکی بێباوەڕانی کوێر کردووە، مەسیح کێ وێنەی خودایە ڕوناکیان دەکاتەوە )) COR 4: 42

2. ((یەزدان بە موسای فەرموو: بڕوانە، تۆم وەك خودای فیرعەون لێ کردووە و هارونی براشت وەك پێغەمبەری تۆ)) دەرچوون (الخروج) 7: 1

ئەمانەی سەرەوە بەراورد بکە لەگەڵ یۆحەنا 1: 1 . کە مەسیحیەکان (G) و (W) بەکاردێنن کاتێك ئاماژە دەکەن بەمەسیح

## دوانزەیەم: خودا و سیفەتە کەمو کورتەکانی لەلای ئەوان.

1. ((هەرگیز كەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا، ئەوەی لە باوەشی باوكدایە، ئەو دەریخست)) یۆحەنا 1: 8

2. ((تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناكی نیشتەجێیە و كەس لێی نزیك نابێتەوە، ئەوەی كەس نەیبینیوە و ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای هەتاهەتایی! ئامین)) تیمۆساوس یەكەم 6: 16

3. ((ئینجا فەرمووی:ناتوانیت ڕووم ببینیت، چونكە كەس نییە بمبینێت و بژیێت)) دەرچوون (الخروج) 33: 20

ئەمدەقانەی خوارەوە بەپێچەوانەوەیە:

1. ((یەزدانیش ڕووبەڕوو لەگەڵ موسادا دەدووا، هەروەك یەكێك لەگەڵ برادەرەكەیدا بدوویت. كاتێكیش دەگەڕایەوە بۆ ئۆردوگاكە، یەشوعی كوڕی (نون)، خزمەتكارەكەی لەناو چادرەكە دەرنەدەچوو)) دەرچوون (الخروج) 33: 11

2. ((خودای ئیسرائیلیان بینی، لە ژێر پێیەكانی شتێكی وەك بەردڕێژكراو بە بەردی یاقووتی شین و وەك ئاسمانی ساماڵ لە بێگەردی)) دەرچوون (الخروج) 24: 10

3. ((ئیتر یاقوب ئەو شوێنەی ناونا (پنیئێل) ، وتیشی: چونكە ڕوو بە ڕوو خودام بینی و گیانیشم دەرباز بوو)) پەیدابوون (سِفرِ التكوین) 32: 30

وەك تایبەتمەندیەك خودا بەشێك پشتی پیشانی موسا دەدات.

((دواتر دەستم هەڵدەگرم و تۆ لە دواوە دەمبینیت، بەڵام ڕووم نابینرێت)) دەرچوون (الخروج) 33 :23

## سیانزەیەم: ئایا خودا هۆكاری سەرلێشێوانە ؟

1. ((چونكە خودا خودای شێواندن نییە، بەڵكو خودای ئاشتییە.وەك لە هەموو كڵێساكانی پیرۆزكراوانە)) كۆرنسۆسی یەكەم 14:23

پێچەوەنەیە لەگەڵ:

((بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا بزانن كە بێجگە لە من كەس نییە.

من یەزدانم و یەکێکی دیکە نییە.شێوەکێشی ڕووناکی و بەدیهێنەری تاریکیم،دروستکەری ئاشتی و بەدیهێنەری خراپەم، من یەزدانم دروستکەری هەموو ئەمانە)) ئیشایا (أشعياء) 45: 6-7

2. ((ڕۆحی یەزدانیش لە شاول جیابۆوە و بە فەرمانی یەزدان ڕۆحێکی بەد هەراسانی کرد)) ساموئێلی یەکەم 16: 14

3. ((بۆیە خودا چەواشەی بەهێزیان بۆ دەنێرێت، تاکو باوەڕ بە درۆ بکەن)) سالۆنیکی دووەم 2: 11

## چواردەیەم: خودا و سیفەتی کەموکورتی زیاتر

1. توانای خودا سنوردار نیە ((عیساش سەیری کردن، فەرمووی: لەلای مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا نا، چونکە لەلای خودا هەموو شتێك دەبێت)) مەرقۆس 10: 27

پێچەوانەکەی: ((یەزدانیش لەگەڵ کوڕانی یەهودادا بوو، جا ناوچە شاخاوییەکە بوو بە موڵکیان، بەڵام نەیانتوانی دانیشتووانی دەشتاییەکان دەربکەن، چونکە گالیسکەی ئاسنینیان هەبوو)) ڕابەران (قضاة) 1: 19

2. لە یەك خولەکدا خودا توڕەدەبێ ((چونکە تووڕەبوونی تەنها چرکەیەکە،بەڵام ڕەزامەندی بە درێژایی ژیانە. ڕەنگە گریان بۆ شەوێ بمێنێت، بەڵام بۆ بەیانییەکەی هەلهەلە دێنێت)) زەبوور (مزامير) 30: 5

پێچەوانەکەی: ((جا تووڕەیی یەزدان لە ئیسرائیل جۆشا و چل ساڵ لە چۆڵەوانی وێڵی کردن، تا هەموو ئەو نەوەیە لەناوچوون کەوا لەبەرچاوی یەزدان خراپەیان کرد)) سەرژمێری (العدد) 32: 13

3. خودا پەشێمان نابێت و ناترسێت لە سەرئەنجامی هیچ شتێك

((خودا مرۆڤ نییە تا درۆ بکات،کوڕی مرۆڤیش نییە تا بڕیاری بگۆڕێت. ئایا دەڵێت و کردار ناکات؟ یان دەفەرموێت و نایباتە سەر؟)) سەرژمێری (العدد) 23: 19

پێچەوانەیە لەگەڵ:

((ئیتر ساموئێل تا ڕۆژی مردنی نەگەڕایەوە بۆ بینینی شاول، هەرچەندە شیوەنیشی بۆ دەگێڕا. یەزدانیش پەشیمان بوو کە شاولی کرد بە پاشا بەسەر ئیسرائیلەوە)) ساموئێل یەکەم 15: 35

((جا یەزدان پەشیمان بووەوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە گەلەکەی بکات)) دەرچوون (الخروج) 32: 14

4. بەزەی خودا فراوانەو هەموو شت دەگرێتەوە

((چونکە یەزدان چاکە وخۆشەویستییە نەگۆڕەکەی هەتاهەتایە، دڵسۆزیشی بۆ نەوە دوای نەوەیە)) زەبوور (مزامیر) 100: 5

پێچەوانەیە لەگەڵ: ((ئێستاش بڕۆ گورز لە عەمالێقییەکان بوەشێنە، هەموو ئەوەی هەیانە بە تەواوی قڕیان بکە، دەستیان لێ مەپارێزە و بیانکوژە، پیاو و ژن و منداڵ و شیرەخۆرە، گا و مەڕ و وشتر و گوێدرێژ)) ساموئێلی یەکەم 15: 3

5. خودا نیشتەجێیە لەناو نوردا:

((تەنها ئەو نەمرە، لە ڕووناکی نیشتەجێیە و کەس لێی نزیك نابێتەوە، ئەوەی کەس نەیبینیوە و ناتوانێ ببینێت، بۆ ئەوە ڕێز و توانای هەتاهەتایی! ئامین)) تیمۆساوسی یەکەم 6: 16

پێچەوانەکەی: ((ئینجا سلێمان وتی: یەزدان فەرموویەتی، کە لەناو هەوری تاردا نیشتەجی دەبێت.)) پاشایانی یەکەم (الملوك الأول) 8: 12

6. خودا مرۆڤ لەخشتەنابات:

((با کەس کاتێ تاقی دەکرێتەوە نەڵێت: لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە. چونکە خودا بە خراپە تاقی ناکرێتەوە، ئەویش کەس تاقی ناکاتەوە)) یاقوب 1: 13

پێچەوانەکەی: ((دوای ماوەیەك خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە. پێی فەرموو: ئیبراهیم, ئەویش وتی: ئەوەتام )) پەیدابوون (سِفرِ التکوین) 22: 1

## پانزەیەم: گیانی پیرۆز

هەموو گەلانی مەسیحی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز. ئەم بەخششە زۆر هەرزانەو هیچ ماندوبونت ناوێ هەتا دەستت کەوێت کە 75 ملیون موژدەدەری مەسیحی ئەمەریکی شانازیدەکەن بەم بەدەستکەوتەوە.

1. ((چونکە لەبەردەم یەزدان گەورە دەبێت. هەرگیز شەراب و مەی ناخواتەوە. لە سکی دایکییەوە پڕدەبێت لە ڕۆحی پیرۆز )) لۆقا 1: 15

من دەپرسم ئەم دەقە مانای چییە کەدەڵێت لە سکی دایکییەوە پڕدەبێت لە ڕۆحی پیرۆز.

مەسیحی داماو خۆی پێویستی بە کاتی دیاریکراوی (30) ساڵ بوو  لەدوای لەدایکبونی بۆئەوەی خەڵاتی ڕۆحی پیرۆز وەربگرێت لەسەر دەستی یوحەنا.

لە ئینجیلی مەتادا هاتوە ((کاتێ عیسا لەئاوهەڵکێشرا، یەکسەر لە ئاوەکە هەڵستایەوە. ئەوەبوو ئاسمانی بۆ کرایەوە و بینی ڕۆحی خودا وەك کۆترێك نیشتەوە و هاتە سەری)) مەتا 3: 16

2. ((کاتێ ئەلیسابات گوێی لە سڵاوەکەی مریەم بوو، منداڵەکە لە سکیدا هەڵبەزی و ئەلیسابات پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز)) لۆقا 1: 41

3. ((زەکەریای باوکیشی پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و پێشبینی کرد)) لۆقا 1: 67

4. ((کە ئەمەی وت، فووی لێکردن، پێی فەرموون:ڕۆحی پیرۆز وەربگرن)) یۆحەنا 20: 22

5. ((بەڵام ئەوەی کفر بە ڕۆحی پیرۆز بکات، هەرگیز نابەخشرێت، بەڵکو بە گوناهێکی هەتاهەتاییەوە تاوانبارە)) مەرقۆس 3: 29

## شازدەیەم: تۆلازی, واتا داوێنپیسی لەنێوان دوکەسدا کەزۆر نزیکی یەکن

بۆنمونە باوك و کچ بەیەکەوە دایك و کوڕ بەیەکەوە خوشك و برا بەیەکەوە....هتد

تۆلازی لەنێوان باوك و کچەکانیدا لە کتێبی خودادا؟

1. ((جا ئەو شەوە شەرابیان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە گەورەکە چووە ژوورەوە و لەگەڵ باوکی ڕاکشا. ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی زانی و نە بە هەڵستانەوەکەی.بۆ ڕۆژی دوایی کچە گەورەکە بە بچووکەکەی وت: دوێنێ شەو لەگەڵ باوکم ڕاکشام. ئەم شەویش شەرابی دەرخوارد دەدەین، ئینجا تۆ برۆ ژوورەوە و لەگەڵی ڕاکشێ. جا لە باوکی خۆمانەوە وەچە دەخەینەوە. ئەو شەوەش شەرابیان دەرخواردی باوکیان دا، ئینجا کچە بچووکەکە هەڵستا و لەگەڵیدا ڕاکشا. ئەویش نە بە ڕاکشانەکەی زانی و نە بە هەڵستانەوەکەی)) پەیدابوون (سِفرٍ التکوین) 19: 33-35

لە چاپە کۆنەکاندا وەك چاپی پاشا جیمس وە چاپی ڕۆمی کاثۆلیك (مامەڵەی سەرجێیی) باسکراوە لەژێر ناونیشانی (کۆکردنەوەی تۆوی باوکمان)

تۆلازی لەنێوان دایك و كوڕدا:

2. ((ئەوە بوو كاتێك ئیسرائیل لەو ناوچەیەدا دەژیا، ڕەئوبێن چوو لەگەڵ بیلهەی كەنیزەی باوكی نووست. ئەممەش بەرگوێی ئیسرائیل كەوتەوە)) پەیدابوون (سِفرِ التكوین) 35: 22

لە چاپە كۆنەكانی ئینجیلدا وشەی (ڕاكشان) بەكارهێنراوە لە جێگای (مامەڵەی سەرجێیی).

تۆلازی لەنێوان بوك و خەزوردا

3. ((كە یەهودا بەدی كرد وایزانی ئافرەتی لەشفرۆشە، چونكە ڕووی خۆی داپۆشی بوو. ئیتر لەسەر ڕێگاكە لای كردەوە بەلای ئەودا و پێی وت: وەرە با لەگەڵت بنووم، چونكە نەیزانی ئەوە بووكەكەیەتی. ئەویش پێی وت: چیم پێ دەدەیت تا لەگەڵم بنوویت؟ ئەویش وتی: لە ماڵاتەكەم گیسكێكت بۆ دەنێرم. ئەمیش وتی: ئەی شتێكم وەك بارمتە دەدەیتێ تا دەینێریت؟ ئەویش وتی:چ بارمتەیەكت پێ بدەم؟ ئەمیش وتی: مۆر و قەیتان و گۆچانەكەی دەستت.ئەویش ئەمانەی دایە و لەگەڵیدا نووست، ئیتر سكی لێی پڕبوو.)) پەیدابوون (سِفرِ التكوین) 38: 15-18

((ئەوە بوو كە هێنرایە دەرەوە، ناردییە لای خەزووری و وتی: سكم لەو پیاوە پڕە كەوا خاوەنی ئەمانەیە. وتیشی:ورد بەرەوە ئەم مۆر و قەیتان و عەگال و گۆچانە هی كێیە؟ یەهوداش ئەوانی ناسییەوە و وتی: ئەو لە من ڕاستترە لەبەر ئەوەی نەمداوە بە شالەحی كوڕم. دوای ئەمە ئیتر لەگەڵی نەشنووستەوە)) پەیدابوون (سِفرِ التكوین) 38: 25-26

بەم شێوەیە یەهودا باوكی پێرێز و زەرەح بوو لە تامار، بە حەرامی دەبنە پشتی مەسیح هەروەك لە مەتادا هاتووە.

((ڕەچەڵەكی عیسای مەسیح، كوڕی داود، كوڕی ئیبراهیم: ئیبراهیم باوكی ئیسحاق بوو، ئیسحاق باوكی یاقوب بوو، یاقوب باوكی یەهودا و برایانی بوو, یەهودا باوكی پێرێز و زەرەح بوو لە تامار ،پێرێز باوكی حەسرون بوو، حەسرون باوكی ڕام بوو)) مەتا 1:1-3

تۆلازی و دەست درێژی لەنێوان خوشك و برادا

4. ((وە كردی وتا تاماری خوشكی خۆی كرد ( ئەمە ئەو تامارە نیە كە باسكرا لە دەقەكەی پێشودا تامارێكی دیكەیە), وەرە ڕاكشێ لەگەڵم(فەرمو سەرجێیم لەگەڵكە) خوشكەكەم,

وەخوشکەکەی وەڵامی دایەوە : نەخێر براکەم ئامون (یەکێکە لە کوڕەکانی داود), زۆرم لێمەکە, بەڵام ئەو گوێیلێنەگرت, وەهەروەها ئەو بەهێزتربو لە خوشکەکەی, بەسەریا زاڵبوو وە دەستدرێژی کردەسەر خوشکەکەی خۆی))

تۆلازی بەکۆمەڵ لەنێوان کوڕو هاوسەرەکانی باوکیدا:

5. ((چادرێکیان بۆ ئەبشالۆم لە سەربان دامەزراند و لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیلدا لەگەڵ کەنیزەکانی باوکی پاڵکەوت)) ساموئێلی دووەم 16: 22

6. بۆ جۆرە جیاوازەکانی تری تۆلازی, سەیری ئەمانە بکە:

ڕێنمایی کاهینیەتی (اللاوين) 18: 8-18, 20: 11-14 وە 17-21.

**حەڤدەیەم: ئیسرایلیەکان**

بەرەڵا ناڕازیەکان:

1. ((بەڵام کە تێر نەبوویت، هاتیت و لەگەڵ ئاشورێکانیشدا لەشفرۆشیت کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تێر نەبوویت)) حزقیئێل16 : 28

داوێن پیسی دوو خوشکەکە ئاهۆی وئاهۆلیبا:

2. ((هەوەسی چووە سەر هەوەسبازەکانیان، ئەوانەی ئەندامی نێرینەیان وەك هی نێرەکەرە و پەڕینیان وەك پەڕینی ئەسپە)) حزقیئێل 23: 1-49

3. ((لە بتە دارییەك پرسیار دەکەن وداردەستەکەی پێی ڕادەگەیەنێت، چونکە ڕۆحی لەشفرۆشی گومڕای کردوون و دڵسۆزی خودای خۆیان نین)) هۆشەع (هوشع) 4: 12 , 6: 10 , 9: 1

## هەژدەیەم: یەرمیا (إرمیاء)

دەبێتە پێغەمبەر پێش ئەوەی لەدایك بێت:

1. ((پێش ئەوەی لەناو سکی دایکت شێوەت بکێشم، تۆم ناسی،پێش ئەوەی لە منداڵدان بێیتە دەرەوە، تەرخانم کردیت، تۆم کردە پێغەمبەری نەتەوەکان)) یەرمیا (إرمیاء) 1: 5

ئایا خودا فێڵی لە یەرمیا (إرمیاء) کرد؟

2. ((ئەی یەزدان، فریوتدام و فریودرام، تۆ لە من بە تواناتری و دەرەقەتم هاتی. بە درێژایی ڕۆژ پێم پێدەکەنن، هەموو گاڵتەم پێ دەکەن)) یەرمیا (إرمیاء) 20: 7

## نۆزدەیەم: عیسا (درودی خوای لێبێت)

یەکەم موعجیزەی لە ئینجیلی پیرۆز و قورئانی پیرۆزدا:

گۆڕینی ئاو بۆ مەی لە زەماوەندێکدا لە قانا (ناوی وڵاتێکە) یۆحەنا 2: 9

((کاتێ گەورەی شاییەکە تامی ئەو ئاوەی کرد کە ببووە شەراب، سەرچاوەکەی نەدەزانی، بەڵام خزمەتکاران دەیانزانی، ئەوانەی ئاوەکەیان دەرهێنابوو، ئەوسا گەورەی شاییەکە زاوای بانگـکرد)) یۆحەنا 2: 9

بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا یەکەم موعجیزەی بریتیە لە بەرگریکردن لە دایکی, کاتێ کۆرپەبو, بەرامبەر ئەو کەسانەی کە تۆمەتباریان دەکرد. سورەتی مەریەم 19: 30-33

سوکایەتیەکانی دژی پیاوە پیرەکانی گەلەکەی:

1. ((بەڵام قوڕ بە سەرتان ئەی مالم و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە شانشینی ئاسمان لەڕووی خەڵك دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی دەچنە ژوورەوە بچنە ژوورەوە)) مەتا 23: 13

((ئەی مارینە! ئەی بێچوی کوێرەماران! چۆن لە حوکمی دۆزەخ ڕادەکەن؟)) مەتا 23: 33

2. بانگی دایکی دەکات پێیدەڵێت (ئافرەت) لەجیاتی ئەوەی کەپێی بڵێ (دایکە)

((عیساش پێی فەرموو: ئافرەت، چیت لە من دەوێ؟ هێشتا کاتی من نەهاتووە)) یۆحەنا 2: 4

هەر وەك ئەو شێوازەی کەبە ئافرەتە داوێنپیسەکەی وت:

((عیسا ڕاستبۆوە و پێی فەرموو: ئافرەت، ئەوانە چییان لێهات؟ کەس تاوانباری نەکردوویت؟)) یۆحەنا 8: 10

شازادەی ئاشتی شانازی دەکات کەنەهاتوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەسەر زەوی بەڵکو هاتوە بۆ هەڵگیرسانی ئاگر و دوبەرەکی.

((هاتووم تاکو ئاگر هەڵدەمە سەر زەوی، چەندە دەخوازم گڕی گرتبێت)) لۆقا 12: 49

((وادەزانن من هاتووم ئاشتی بهێنمە سەر زەوی؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵکو دووبەرەکی)) لۆقا 12: 51

عیسا خوا نەبوو! بەڵکو عیسا ڕازینەدەبوو کەس پێیبڵێت پیاوەباشەکە, جا ئەگەر پێی بڵێن خودا.

((ئینجا یەکێك هاتە لای و وتی: مامۆستای باش، چ چاکەیەك بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتاییم هەبێت؟ پێی فەرموو: بۆچی پێم دەڵێیت باش ؟ هیچ کەسێك چاك نیە, تەنها یەکێك نەبێت. کە خودایە )) مەتا 19: 16-17

عیسا هیچ توانایەکی نەبوو لەخۆیەوە:

1. ((عیسا لێیان نزیكبۆوە و قسەی بۆ کردن: هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ)) مەتا 28: 18

2. ((لە خۆمەوە ناتوانم هیچ بکەم. وەك دەبیستم حوکم دەدەم، حوکمدانەکەشم دادپەروەرانەیە، چونکە داوای خواستی خۆم ناکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی)) یۆحەنا 5: 30

3. ((بەڵام ئەگەر من بە پەنجەی خودا, شەیتانەکان دەرکەم ، ئەوا پاشایەتی خودا هاتۆتە سەرتان)) لۆقا 11: 20

4. ((ئەوسا بەردەکەیان لابرد، عیساش چاوی هەڵبڕی و فەرمووی: باوکە، سوپاست دەکەم کە گوێت لێ گرتم. زانیم کە تۆ هەمیشە گوێم لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی لەم ناوە ڕاوەستاون ئەمەم وت، تاکو باوەڕ بکەن کە تۆ منت ناردووە.

کە ئەمەی وت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: لەعازر وەرە دەرەوە دەرەوە ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێك پێچرابوو.

عیساش پێی فەرموون: بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوا )) یۆحەنا 11: 41-44

کێ ژیانی گێڕایەوە بۆ (لازاروس) ؟

وەڵامەکە خودایە لەبەرئەوەی وەك هەمیشە گوێی لە نوێژی عیسا بوو.

با ئێستا گوێبگرین لە گەواهیدانی قەشە پەترۆس

5. ((پیاوانی ئیسرائیل، گوێ لەم قسانە بگرن: عیسای ناسیرەیی پیاوێکە بۆتان سەلمێندرا، بە پەرجو و کاری سەیر و نیشانە لەلایەن خوداوە لایەنگری کراوە، کە خودا بەهۆی ئەو لەنێوانتان ئەنجامی دا، وەك خۆتان دەزانن)) کرداری نێرراوان (أعمال الرسل)2: 22

ئایا خودا وەحی نارد بۆ لۆقا, تاکو بڵێ عیسا کوری یوسفە؟

((کاتێ عیسا دەستی بە خزمەتەکەی کرد نزیکەی سی ساڵبوو. وا دەزانرا کە کوڕی یوسفی کوڕی هەلی)) لۆقا 3: 23

عیسا خۆی زۆر خۆشدەویست:

)) ژنێك بە بوتڵێکی ئەلەباستەریی بۆنی گرانبەهاوە بۆ لای هات و بۆنەکەی بەسەریدا ڕژاند کە لەسەر خوان بوو. کاتێ قوتابییەکان ئەمەیان بینی، تووڕە بوون و وتیان:ئەم دەست بڵاوییەی بۆ چییە؟ دەتوانرا بە نرخێکی گران بفرۆشرایە و بدرایە بە هەژاران,عیسا زانی و پێی فەرموون: بۆچی گرفت بۆ ژنەکە دەنێنەوە؟ شتێکی چاکی بۆ من کرد. هەژاران هەمیشە لەگەڵتانن، بەڵام من هەمیشە لەلاتان نیم(( مەتا 26: 7-11

**بیستەم: ئایاعیسا (درودی خوای لێبێت) خودایەکی بێتوانا بوو؟**

1. ((له خۆمەوە ناتوانم هیچ بکەم. وەك دەبیستم حوکم دەدەم، حوکمدانەکەشم دادپەروەرانەیە، چونکە داوای خواستی خۆم ناکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی)) یۆحەنا 5: 30

زانیاری نەبوو سەبارەت بە هاتنی ڕۆژی دوایی:

2. ((سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت، نە فریشتەکان کە لە ئاسمانن و نە کوڕەکە، باوك نەبێت)) مەرقۆس 13: 32

عیسا نەیدەزانی وەرزەکانی ساڵ چیە:

3. ((بۆ بەیانی کە لە بێتعەنیا دەرچوون، عیسا برسی بوو. لە دوورەوە دارهەنجیرێکی بینی گەڵای کردبوو، ڕووی تێکرد تاکو شتێکی پێوە ببینێت. گەیشتە لای و لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، چونکە وەرزی هەنجیر نەبوو)) مەرقۆس 10: 12-13

مەسیح وەك خوایەکی تینو:

4. ((دوای ئەمە، عیسا زانی ئەوا هەموو شتێك تەواو بوو و تاکو نووسراوەکە بێتە دی، فەرمووی: تینوومە)) یۆحەنا 19: 28

مەسیح وەك خوایەکی گرینۆك:

5. ((جا عیسا گریا)) یۆحەنا 11: 35

لەبیرتبێت کە ئەمە کورترین ڕستەیە لەناو ئینجیلدا تەنها دوو وشەیە.

بیهێنە پێش چاوت کە خودایەك بێت لەخشتەبدرێت لەلایەن شەیتانەوە:

6. ((چل ڕۆژ لە چۆڵەوانیدا بوو، لەلایەن شەیتان فریودرا (لەخشتەبرا)، لەنێوان ئاژەڵانی کێوی بوو، فریشتەش خزمەتیان دەکرد))مەرقۆس 1: 13

**بیست و یەکەم: ئایا عیسا (درودی خوای لێبێت) ڕقاوی و دەمارگیربوو؟**

ئایا عیسا (درودی خوای لێبێت) تەنها بۆ جولەکە هاتبوو؟

1. ((عیسا ئەم دوازدەیەی نارد، فەرمانی پێ کردن: بە ڕێگای نەتەوەکاندا مەڕۆن و مەچوونە شاری سامیرەییەکان، بەڵکو لەبری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل)) مەتا 10: 5-6

2. ((عیسا لەوێ ڕۆیشت و چووە ناوچەکانی سور و سەیدا. ژنێکی کەنعانی خەڵکی دەوروبەری ئەوێ، دەرچوو و هاواری کرد: گەورەم، کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە! کچەکەم بە خراپی ڕۆحیپیسی تێدایە. بەڵام عیسا بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە. قوتابییەکانی هاتنە پێشی و تکایان لێی کرد: بەڕێی بکە، وا بەدوامانەوە هاوار دەکات. وەڵامی دایەوە: من تەنها بۆ مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل نێردراوم. بەڵام ژنەکە هات، کڕنۆشی بۆ برد و وتی: گەورەم یارمەتیم بدە! وەڵامی دایەوە: ناشێت نانی منداڵان ببڕدرێت و فڕێبدرێت بۆ سەگ ))مەتا 15: 21-26

**بیست و دووەم: ئایا مەسیح دەفڕێت لە ئاسماندا وەك یەكێك لە پاڵەوانانی سینەما؟**

((کە لەم شارە دەتانچەوسێننەوە، ڕاکەن بۆ یەکێکی دیکە. ڕاستیتان پێ دەڵێم: شارەکانی ئیسرائیل تەواو ناکەن پێش هاتنی کوڕی مرۆڤ)) مەتا 10: 23

قوتابیەکانی عیسا ڕایانکرد, ئەوان ڕایانکردو ئێستا بۆ دوو هەزار ساڵە تیاچون بەبەێ هیچ ئاماژەیەك بۆ گەڕانەوەی عیسا.

عیسا لە چیرۆکی ڕەوشتدا قسەیکرد بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئەو گەلانەی کە لە نەوەی ئیسرایل نین:

((ئەویش پێی فەرموون: نهێنی شانشینی خودا بە ئێوە دراوە، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەن هەموو شتێك بە نموونە بۆیان دێتەوە. بۆ ئەوەی بە سەیرکردن سەیر بکەن، بەڵام نەبینن، بە بیستن ببیستن، بەڵام تێنەگەن، نەوەك بگەڕێنەوە و ببەخشرێن)) مەرقۆس 4: 11-12

ڕق و کینە بنەمای باوەڕی عیسایە

((ئەگەر یەکێك بێتە لام و ڕقی لە دایك و باوکی، ژن و منداڵی، برا و خوشکەکانی نەبێتەوە، بگرە لە خۆشی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من)) لۆقا 14: 26

پەترۆس پێچەوانەی عیسایە کە دەڵێت: من تاکە ڕێگام:

((عيساش پێی فەرموو: منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوکەکە بەهۆی منەوە نەبێت.)) یۆحەنا 14: 6

پەترۆس پێچەوانەکەی دەڵێت: ((پەترۆس دەمی کردەوە و وتی: لەڕاستیدا تێگەیشتم خودا لایەنگری کەس ناکات،بەڵکو لە هەر نەتەوەیەك ئەوەی ترسی ئەوی لە دڵدا بێت و کاری ڕاستودروست بکات، لەلای پەسەندە)) کرداری نێرراوان (أعمال الرسل) 10: 34-35

## بیست و سێیەم: جولەکەکان, گەلێکی یاخی

((جا لەو ڕۆژەوەی ئێوەم ناسیوە، ئێوە دژ بە یەزدان یاخین)) دوا وتاری موسا (التثنية) 9: 24

گەلێکی مل ئەستور:

((چونکە من یاخیبوون و کەلەڕەقیتان دەزانم، ئەوەتا من ئەمڕۆ هێشتا زیندووم لەگەڵتاندا و ئێوەش بەربەرەکانێی یەزدان دەکەن، جا باشە دوای مردنم چی دەکەن )) دوا وتاری موسا (التثنية) 31: 27

بەندایەتی دووەم لە میسر:

((یەزدان بە کەشتی بەو ڕێگایەدا دەتانگەڕێنێتەوە بۆ میسر کە پێم وتی، کەوا ئیتر نایبیننەوە، جا لەوێ وەك کۆیلە و کەنیزە بە دوژمنەکانتان دەفرۆشرێن و کەس ناتانکڕێت)) دوا وتاری موسا (التثنية) 28: 68

((ئەو قوربانییانەی پێشکەشم کراون،گۆشتە سەری دەبڕن و دەیخۆن، بەڵام یەزدان پێیان ڕازیی نییە. ئێستا تاوانەکەیان بەیاد دەهێنێتەوە و سزای گوناهەکەیان دەدات: ئەوان بۆ میسر دەگەڕێنەوە)) هۆشەع (هوشع) 8: 13

خودا جولەکە بە گەلێکیتر دەگۆڕێتەوە:

((لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: شانشینی خودا لێتان دەسەنرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەك کە بەرهەم دەدات)) مەتا 21: 43

## بیست و چوار: قەتورە

ژنی سێیەمی ئیبراهیم:

((ئیبراهیم جارێکی دیکە ژنی هێنا و ناوی (قەتورە) بوو)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 25: 1

پەرتوکی پیرۆز دەڵێت (قەتورە) ژنی ئیبراهیمە بەڵام لە پەرتوکی هەواڵی ڕۆژەکانی یەکەمدا دەڵێت (قەتورە) کەنیزەکی ئیبراهیمە.

((قەتورە کەوا کەنیزەی ئیبراهیم بوو ئەم کوڕانەی هەبوو: زیمران، یۆقشان، مەدان، میدیان، یەشباق و شوەح. کوڕەکانی یۆقشانیش: شەبا و دیدان. کوڕەکانی میدیانیش عێیفا، عێفەر، حەنۆك، ئەبیداع و ئەلداعە بوون. هەموو ئەمانە کوڕی قەتورە بوون )) یەکەم پوختەی مێژوو (أخبا أيام الأول) 1: 32

ئایا ژن و کەنیزوك چین ؟ لەیەکتری جیاناکەنەوە ؟

## بیست و پێنجەم : کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی جولەکە.

1. ((ئێستاش هەموو منداڵە نێرینەکان بکوژن لەگەڵ هەر ژنێك کەوا لەگەڵ نێر جووت بووە، بەڵام هەموو ئەو کچانەی لەگەڵ پیاو جووت نەبوون بۆ خۆتان بە زیندوویی بیانهێڵنەوە )) سەرژمێری (العدد) 31: 17-18

بەڵام پەرتوکی پیرۆز لە پەرتوکی سەرژمێریدا پێماندەڵێت ئەو کچانەی کە وەك کۆیلە براون 32000 بون؟؟؟!!!

((کۆی تاڵانەکەش کەوا دەستکەوتی پیاوانی سوپاکە بوو، شەش سەد و حەفتا و پێنج هەزار مەڕ وحەفتا و دوو هەزار مانگا و شەست و یەك هەزار گوێدرێژ بوون، لە مرۆڤیش لەو ئافرەتانەی کەوا لەگەڵ پیاو جووت نەبوون سی و دوو هەزار کەس بوو )) سەرژمێری (العدد) 31: 32-35

لە پەرتوکی پیرۆزدا شتێکی سەرسوڕهێنەر هەیە کە دەڵێت : زەکاتی ئەودەسکەوتانە دەرکراوە لەناو دەستکەوتەکانیشدا زەکات لە مرۆڤە دیلەکانیش دەرکراوە.

((مرۆڤیش شانزە هەزار بوو، باجیش بۆ یەزدان سی و دوو بوو. جا باجەکە کەوا بەخشینی بەرزکراوە بوو بۆ یەزدان، موسا دایە ئەلعازاری کاهین، وەك یەزدان فەرمانی بە موسا کرد )) سەرژمێری (العدد) 31: 40-41

2. ((بەڵام شارەکانی ئەم گەلانەی کەوا یەزدانی خوداتان بە میرات پێتانی دەدات، هیچ هەناسەیەکی لێ مەهێڵنەوە)) دوا وتاری موسا (التثنية) 28: 68

3. ((هەرچی لە شارەکەدا بوو قڕیان کرد، لە پیاو و ژن و منداڵ و پیر، تاکو گا و مەڕ و گۆیدرێژەکانیشیان بە نووکی شمشێر قڕکرد)) یەشوع 6: 21

4. ((هەر لەو ڕۆژەدا یەشوع مەقێدای گرت و دایە بەر زەبری شمشێر، پاشاکەی و هەموو گیانێکی تێدا بە تەواوی قڕکرد. کەسی لێیان نەهێشت، ئەوەی بە پاشای مەقێدا کرد کەوا بە پاشای ئەریحای کردبوو)) یەشوع 10: 28

## بیست و شەشەم: مەلیك سادقی کاهین

پەرتوکی پیرۆز باسی دەکات وەك کاهینێکی پلەو پایە بەرز ی خودا. لەلای ئەوان پلەو پایەکەی بەرزترە لە عیسا (درودی خوا لەسەر بێت).

((چونکە ئەم مەلیکیسادقە - پاشای شالیم، هەروەها کاهینی خودای هەرەبەرز - کاتێ ئیبراهیم لە بەزاندنی پاشاکان گەڕایەوە، تووشی بوو و داوای بەرەکەتی بۆ کرد، ئەوەی ئیبراهیم دەیەکی هەموو شتێکی بۆ جیا کردەوە. یەکەم جار ناوی بە واتای (پاشای ڕاستودروستی) دێت، دواتر (پاشای شالیم) واتا پاشای ئاشتی. بێ دایك و باوك، بێ ڕەچەڵەکە، بێ سەرەتای ڕۆژان و کۆتایی ژیان، بەڵکو وەك کوڕی خودا وایە، هەتاهەتایە بە کاهین دەمێنێتەوە)) عیبرانیەکان 7: 3-1

## بیست و حەوتەم: مەسیح بە ئینگلیزی ماناکەی (Christ)ە.

وشەی مەسیح ناوێکی زۆر ناسراوە لە عیبریدا, وەرگێرراوە بۆ یۆنانی و بووە بە (کریستۆس)(Christos), وەلە ئینگلیزیدا مانای(Anointed)ی هەیە (واتە سڕینەوە یان چەورکردن), وە لە هەموو شوێنێکدا وشەی (مەسیح) هەمان مانا دەبەخشێت.

1. ((من خودای بێتئێلم، ئەو شوێنەی بەردە ڕاگیراوەکەت چەور کرد و تیایدا نەزرت بۆ کردم. ئێستاش هەستە و لەم خاکە بڕۆ دەرەوە و بگەڕێوە بۆ خاکی لەدایکبوونەکە)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 31: 13

2. ((ئینجا موسا ڕۆنی دەستنیشانکردنەکەی هێنا و هەوارگەکە و هەرچی تیایدا بوو دەستنیشان کرد و تەرخانی کرد، حەوت جاریش بەسەر قوربانگاکەدا پرژاندی و قوربانگاکە و

هەموو قاپوقاچاغەکانی و حەوزەکە و بنکەکەی دەستنیشان کرد بۆ تەرخانکردنیان. هەندێك لە ڕۆنی دەستنیشانکردنەکەشی بەسەر هاروندا کرد و چەوری کرد بۆ تەرخانکردنی)) ڕێنمایی کاهینیەتی (اللاوین) 8: 10-12

3. ((نەیارانی یەزدان تێکدەشکێنرێن.لە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەگرمێنێت، یەزدان حوکم بەسەر ئەوپەڕی زەویدا دەدات. هێز بە پاشای خۆی دەدات، سەری دەستنیشانکراوەکەی بەرز دەکاتەوە)) ساموئێلی یەکەم 2: 10

4. ((تۆ کەڕوبی دەستنیشانکراوی پاسەوان بوویت، ئەم ئەرکەم بە تۆ سپاردبوو. لەسەر کێوی پیرۆزی خودا بوویت، بەناو بەردەکانی ئاگردا هاتوچۆت دەکرد)) حزقیێل 28: 14

5. ((یەزدان بەم شێوەیە بە دەستنیشانکراوەکەی دەفەرمووێت،بە کۆڕش ئەوەی دەستە ڕاستیم گرت تا لەبەردەمی ئەو نەتەوەکان بخەمە ژێر ڕکێفم و پاشایان لە چەك دابماڵم، تا لەبەردەمیدا دەروازەکان بکەمەوە و دەرگاکان دانەخرێ)) ئیشایا (أشعیاء) 45: 1

6. ((جولەکە لێی کۆبوونەوە و پێیان وت: (تا کەی بە هەڵواسراوی دەمانهێڵیتەوە؟ ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، بە ئاشکرا پێمان بڵێ)) یۆحەنا 10: 24

بۆچی عیسا بە وانی نەوت من مەسیحم؟

## بیست و هەشتەم : محەمەد (درودی خودای لەسەر بێت)

ئایا پێغەمبەرێکی ڕاستی خودایە بەگوێرەی قورئان؟

1. ((خۆشەویستان، بڕوا بە هەموو ڕۆحێك مەکەن، بەڵکو ڕۆحەکان تاقی بکەنەوە، بزانن ئایا لە خوداوەیە، چونکە زۆر پێغەمبەری درۆزن هاتوونەتە جیهان)) یەکەم نامەی یۆحەنا 4: 1

((ڕۆحی خودا بەمە دەناسنەوە: هەر ڕۆحێك دان بنێت بەوەدا کە عیسای مەسیح بە جەستە هاتووە، ئەوە لەلایەن خوداوەیە)) یەکەم نامەی یۆحەنا 4: 2

بەراوردی کە بە قورئانی پیرۆز 3:45 وە زۆربەی تری ئایەتەکانی قورئان, تیایدا عیسا (درودی خودای لەسەر بێت) ئاماژەیە بۆ مەسیح .

محەمەد (درودی خودای لەسەر بێت) باسکراوە بەناو لە ئینجیلدا:

2. ((دمی شیرینە, بەڵێ ئەوە محەمەدە، هەمووی بەتامە، ئەمە خۆشەویستەکەمە، ئەمە هاوڕێکەمە، ئەی کچانی ئۆرشەلیم)) گۆرانی گۆرانییەکان (گۆرانیەکانی سولێمان) 5: 16

لە دەقە عیبریە ڕەسەنەکەدا وشەی محەمەد (Muhummedim) وەرگێڕراوە بە (altogether lovely) واتە بەگشتی خۆشەویستە. کە لە ڕاستیدا ئەوە وشەی(Muhummed)ە وە پاشگری (im)ی بۆزیادکراوە کە لە زمانی عیبریدا بۆڕێزلێنانە.

محەمەد دڵخۆشکەرە هەروەك عیسا (درودی خودایان لەسەر بێت)

((منیش داوا لە باوك دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە)) یۆحەنا 14: 16

## بیست ونۆیەم: ئۆنانیسم

نەخۆشیەکی دەرونی سەرجێییە, کە دەکردنەوەی چوکە لە زێ پێش ڕشتنی ئاوەکەی (بەگوێرەی فەرهەنگی کۆلینزی تازە).

(( کە یەهوزا بە ئۆنانی وت : بڕۆ سەرجێیی لەگەڵ براژنت بکە وە نەوە بۆ براکەت بخەرەوە, وە ئۆنان زانی منالەکەی بۆخۆی نابێت کە کاتێ سەرجێیی کرد لەگەڵ براژنەکەی (تامار), تۆوەکەی ڕشتەسەر زەوی, بۆئەوەی نەبێت بە مندالْ بۆ براکەی )) پەرتوکی دوا وتاری موسا (التثنية) 38: 8-9

### سی یەمین: پۆڵس

((ئیتر با وابێت، بارم گران نەکردوون. بەڵام کە فێڵبازم ، بە فێڵ لێم سەندوون)) دووەم نامەی پۆڵس بۆ کۆرنسۆس 12: 16

### سی و یە کەمین: بەراز

ئەم بابەتە لەگۆشتی بەرازدا ببینە.

### سی و دووەمین: فرەژنی

سلێمانی حەکیم 1000 ژن و کەنیزەکی هەبوو هەروەك پەڕتوکی پیرۆز باسی دەکات.

1. ((حەوت سەد ژنی خانەدان و سێ سەد کەنیزەی هەبوو، جا ژنەکانی دڵیان وەرگێڕا)) پاشایانی یەکەم (الملوك الأول) 11: 3

2. ((ئیبراهیم هاوڕێی خودا, زیاتر لە ژنێکی هەبوو وەهەروەها یاقوب (ئیسرائیل) وە پاشا داود ))

### سی وسێ یەمین: پێشبینی و هەڕەشەی بەتاڵ

1. ((بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت)) پیدابون 2: 17

پێچەوانەیە لەگەڵ:

2. ((جا هەموو ڕۆژانی ژیانی ئادەم نۆ سەد و سی ساڵ بوو، ئیتر مرد)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 5: 5 ئەم دەقە دەقەکەی پێش خۆی بەدرۆدەخاتەوە کە ئادەم لەو درەختەی خوارد کە خودا لێی قەدەغە کردبوو وە ئادەم نەمرد بەڵکو لەدوای ئەوە چەندین سەدە ژیا.

3. ((بەڵام خودا فەرمووی: "پێویستە لە بەری ئەو دارە نەخۆن، کەوا لەناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن. شەیتانەکە بە ئافرەتەکەی وت: نا بە ڕاستی نامرن )) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 3: 3-4

## سی و چوارەمین: پێغەمبەرن بەڵام ڕوتن

1. ((نوح وەك جوتیارێك دەستی بە چاندنی ڕەزە مێوێك کرد)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 9: 21

2. ((جلەکانی لەبەر خۆی داکەند و ئەویش لەبەردەم ساموئێل حاڵی گرت، بە درێژایی ئەو شەو و ڕۆژە بە رووتی خۆی دا بە زەویدا. لەبەر ئەوەیە دەڵێن: ئایا شاولیش لەنێو پێغەمبەرەکانە؟)) ساموئێلی یەکەم 19: 24

3. ((داودیش بۆ ئەوەی داوای بەرەکەت بۆ ماڵەکەی بکات گەڕایەوە ماڵەوە. ئینجا میخەلی کچی شاول بۆ پێشوازی داود دەرچوو و وتی: ئەمڕۆ پاشای ئیسرائیل چەند گەورە بوو کە بێ ئەوەی خۆی بپۆشێت لەبەردەم کەنیزەکانی خزمەتکارەکانی دەرکەوت، وەك ناکەس بەچەیەك کە خۆی نەپۆشێت!)) ساموئێلی دووەم 6: 20

4. ((ئینجا یەزدان فەرمووی: وەك ئەوەی ئیشایای بەندەم بۆ ماوەی سێ ساڵ بە ڕووتی و پێ خاوسی ڕۆیشت، ئەمە نیشانە و پەندە لەسەر میسر و لەسەر کوش، پاشای ئاشوریش بۆ ڕیسوایی میسر بەم جۆرە ڕاپێچەکانی میسر و دیلەکانی کوش، گەنج و پیر بە ڕووتی و پێ خاوسی و سمت ڕووتی دەداتە پێش خۆی. دەتۆقن و شەرمەزار دەبن لەبەر کوش کە مایەی هیوایان بوو و لەبەر میسر کە مایەی شانازییان بوو)) ئیشایا (أشعياء) 20: 3-5

## سی و پێنجەمین: دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت

برا دەست درێژی و تۆلازی دەکات لەگەڵ خوشکەکەیدا:

1. ((بۆی بردە پێشەوە تا بیخوات و ئەویش گرتی و وتی: خوشکەکەم وەرە لەگەڵمدا پاڵ بکەوە. ئەویش پێی وت: نا برام نا سەرم شۆڕ مەکە، چونکە لە ئیسرائیلدا شتی وا ناکرێت، ئەم

بێئابڕووییە مەکە. ئەی من بەو ڕیسواییەمەوە ڕوو لەکوێ بکەم؟ ئەی تۆ؟ تۆش لەناو ئیسرائیلدا وەك گێلێکت لێ دێت. ئێستاش تکایە لەگەڵ پاشادا قسە بکە، چونکە ئەو لە تۆ قەدەغەم ناکات. بەڵام ئەو نەیویست گوێی لێ بگرێت و بەسەریدا زاڵ بوو و سەرشۆڕی کرد و لەگەڵیدا پاڵکەوت)) ساموئێلی دووەم 13: 11-14

کوڕ دەست درێژی و تۆلازی دەکات لەگەڵ باوەژنەکانیدا:

2. ((چادرێکیان بۆ ئەبشالۆم لە سەربان دامەزراند و لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیلدا لەگەڵ کەنیزەکانی باوکی پاڵکەوت)) ساموئێلی دووەم 16: 22

## سی و شەشەمین: شەممە

شەممە ڕۆژی پشودانی خودایە لە ئینجیلدا:

((لەنێوان من و نەوەی ئیسرائیلدا نیشانەیەکە بۆ هەتاهەتایە، چونکە لە شەش ڕۆژدا یەزدان ئاسمان و زەوی دروستکرد و لە ڕۆژی حەوتەم لە کارکردن وەستا و پشووی دا)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 31: 17

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت:

[وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ] سورەتی بەقەرە 255

## سی و حەوتەمین: سارە

تەنانەت پەرتوکی پیرۆز درێغی نەکردووە لە خودای پاکو بەرز کە بوختانی داوێنپیسی دەداتەپاڵی:

1. ((فریشتەکە وەڵامی دایەوە: ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت(دانەر پرسیاردەکات چۆن؟)

و هێزی خودای هەرەبەرز سایەی سەرت دەبێت(دانەر پرسیاردەکات چۆن؟)

بۆیە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت)) لۆقا 1: 35

لەکاتێکدا لە باسەکەی ئیسحاقدا هاتووە : ئیسحاق دروست بووە لەمندالْدانی سارەدا بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خودا.

2. ((یەزدان سەردانی سارای کرد، هەروەکو چۆن پەیمانی پێدابوو, وە ئەوەی جێبەجێ کرد کە وتبووی ، ئینجا سارا لە پیرەمێردییێتی ئیبراهیمدا سکی پڕ بوو و منداڵێکی بۆی بوو، لەو کاتەی کە خودا پێی فەرمووو)) پەیدابوون (سِفرِ التكوين) 21: 1-2

## سی و هەشتەمین: کۆیلایەتی بەفەرمانی خودا

((دەیانکەن بە موڵکی کوڕانتان لە دوای خۆتان وەك میرات بۆیان، هەتا سەر دەیانکەن بە کۆیلە، بەڵام براکانتان لە نەوەی ئیسرائیل، ئەوا هیچ کەسێك بە توندوتیژی بەسەر براکەیدا زاڵ نابێت)) ڕێنمایی کاهینیەتی (اللاوين) 52: 46

## سی و نۆیەمین: هاوڕەگەزبازی

پەڕتوکی پیرۆز هۆکاری بڵاوبونەوەی هاوڕەگەزبازی ڕوندەکاتەوە:

((ئەوانەی ڕاستی خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و بەدیهێنراویان پەرست و خزمەتیان کرد لە جیاتی بەدیهێنەر، ئەوەی هەتاهەتایە ستایش بۆ ئەوە. ئامین. لەبەر ئەوە خودا ئەوانی دایە دەست هەوەسە سووکەکان. چونکە ژنەکانیان جووتبوونی سروشتییان بە ناسروشتی گۆڕییەوە.
پیاوانیش وازیان لە جووتبوونی سروشتی ژنیان هێنا و گڕیان گرت لە هەوەس بۆ یەکتری. پیاو لەگەڵ پیاو بەدڕەوشتی دەکات، جا سزای تەواوی خراپیوونیان لە خۆیاندا وەرگرت)) ڕۆما 1: 25-27

## چلەمین: کوڕەکانی خودا

پەڕتوکی پیرۆز بەتەن کوڕ بۆ خودا پەیدادەکات:

1. ((کوڕی ئەنۆش، کوڕی شیت، کوڕی ئادەم، کوڕی خودایە)) لۆقا 3: 38

2. ((کوڕانی خودا بینییان کچانی مرۆڤ جوانن. جا لە هەموو ئەوانەی هەڵیانبژاردن ژنیان بۆ خۆیان هێنا. ئینجا یەزدان فەرمووی: ڕۆحی من هەتا سەر لەناو مرۆڤدا لە ململانێ نابێت، هەر بۆیە ڕۆژانی ژیانی ئەو لەشە دەبێتە سەد و بیست ساڵ. لەو ڕۆژانەدا لەسەر زەوی ستەمکارانی زەبەلاح هەبوون. هەروەها دوای ئەوەش کاتێك کوڕانی خودا چوونە لای کچانی مرۆڤ منداڵیان لێیان بوو، ئەو پاڵەوانانەی کەوا لە کۆنەوە بەناوبانگ بوون)) پەیدابوون (سِفرِ التکوين) 6: 2-4

3. ((بە فیرعەون دەڵێیت: یەزدان ئەمە دەفەرموویت: نەوەی ئیسرائیل کوڕە نۆبەرەمە)) دەرچوون (الخروج) 4: 22

4. ((بە گریانەوە دێن، لەو کاتەی دەیانگەڕێنمەوە دەپاڕێنەوە، بەلای ڕووبارە ئاوەکاندا دەیانبەم، بە ڕێگایەکی ڕاست، تیایدا ساتمە ناکەن، چونکە من باوکی ئیسرائیلم، ئەفرایم نۆبەرەمە)) یەرمیا (إرمياء) 31: 9

5. ((من فەرمانی یەزدانتان پێ ڕادەگەیەنم: پێی وتم: تۆ کوڕی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت. داوام لێ بکە، نەتەوەکان دەکەم بە میراتت، ئەوپەڕی زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ )) زەبوور (مزامير) 2: 7-8

6. ((لەبەر ئەوە هەموو ئەوانەی بە ڕۆحی خودا دەهاژوورێن، ڕۆڵەی خودان)) ڕۆما 8: 14

## چلە ویەکە مین: گۆشتی بەراز

نەرمەی گۆشتی بەراز قەدەغەکراوە:

1.((نە گۆشتیان بخۆن و نە دەست لە کەلاکیان بدەن، چونکە گڵاوە بۆتان)) ڕێنمایی کاهینیەتی (اللاوين) 11: 8

عیسا (2000) بەرازی کوشت بۆ چاکبوونەوەی یەك پیاو:

2.((لێی پاڕانەوە: بماننێرە ناو بەرازەکان، با بچینە ناویان. ئەویش ڕێی پێدان. ڕۆحەپیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئینجا ڕانەکە لە قەدپاڵەکەوە بەرەو دەریاچەکە تەووژمیان برد، نزیکەی دوو هەزار دەبوون، لەناو دەریاچەکە خنکان)) مەرقۆس 5: 12-14

## چلە و دووە مین: لەشفرۆشی

ئەم بابەتە لەژێر پێڕستی جولەکەکاندا ببینە.

## چلە و سێ یە مین: ئافرەت

قەدەغەیە ئافرەتان لەناو کەنیسەدا دەمیان بکەنەوە:

((با ژنان لە کڵێساکاندا بێدەنگ بن، چونکە ڕێیان پێ نەدراوە بدوێن، بەڵکو وەك تەوراتیش دەفەرمووێ با ملکەچ بن. بەڵام ئەگەر ویستیان شتێك فێربن، با لە ماڵەوە لە مێردەکانیان بپرسن. چونکە شورەییە بۆ ژن لە کڵێسادا بدوێت )) کۆرنسۆسی یەکەم 14: 34-35

## چلە و چوارە مین: خواپەرستی

((کاتێ لە دوورەوە عیسای بینی، ڕایکرد و کڕنۆشی بۆ برد)) مەرقۆس 5: 6

((کە عیسای بینی، هاواری کرد و لەبەردەمی کەوت، بە دەنگی بەرز وتی: چیت لە من دەوێ عیسای کوڕی خودای هەرەبەرز؟ لێت دەپاڕێمەوە ئازارم نەدەی)) لۆقا8: 28

پێڕست

چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تێکۆشان.....2
ئینجیل بەزمانە جیاوازەکان.....3
یەکەم: عەرەب و دورگەی عەرەبی لە ئینجیلی مەسیحیەکاندا.....5
دووەم: ئیبراهیم .....6
سێیەم: ئەفسانە نابەجێکان.....7
چوارەم: مەی.....8
پێنجەم: کوشتنی هەڵگەڕاوەکان هەتا ئەگەر نزیکترین خزمیشت بێت.....9
شەشەم: منداڵی زینا (زۆڵ).....9
حەوتەم: خەتەنە کردن.....9
هەشتەم: یەکنەگرتنەوەی دەقەکان.....10
نۆیەم: داود پێغەمبەری خودا تەورات وێنەکەی شێواندووە.....11
دەیەم: پەروەردگار .....12
یانزدەیەم: یاریکردن بە پیتە لاتینیەکان کاتێك وشەی خودا دەنوسن.....13
دوانزەیەم: خودا و سیفەتە کەمو کورتەکانی لەلای ئەوان.....13
سیانزەیەم: ئایا خودا هۆکاری سەرلێشێوانە ؟.....14
چواردەیەم: خودا و سیفەتی کەموکورتی زیاتر.....14
پانزەیەم: گیانی پیرۆز.....16
شازدەیەم: تولازی واتا داوێنپیسی لەنێوان دوکەسدا کەزۆر نزیکی یەکن.....17
حەڤدەیەم: ئیسرایلیەکان.....19
هەژدەیەم: یەرمیا (إرمیاء) .....19
نۆزدەیەم: عیسا (درودی خوای لێبێت) .....19
بیستەم: ئایاعیسا (درودی خوای لێبێت) خودایەکی بێتوانا بوو؟.....22

بیست و یەکەم: ئایا عیسا (درودی خوای لێبێت) ڕقاوی و دەمارگیربوو؟......................23
بیست و دووەم: ئایا مەسیح دەفڕێت لە ئاسماندا وەك یەكێك لە پاڵەوانانی سینەما؟.............23
بیست و سێیەم: جولەكەكان, گەلێكی یاخی.......................................................24
بیست و چوار: قەتورە........................................................................25
بیست و پێنجەم : كۆمەڵكوژی لەسەر دەستی جولەكە. ..........................................25
بیست و شەشەم: مەلیك سادقی كاهین .......................................................26
بیست و حەوتەم: مەسیح بە ئینگلیزی ماناكەی (Christ)ە. ...................................27
بیست و هەشتەم : محەمەد (درودی خودای لەسەر بێت) .........................................28
بیست ونۆیەم: ئۆنانیسم.......................................................................29
سی یەمین: پۆڵس..............................................................................29
سی و یە كەمین: بەراز.........................................................................29
سی و دووەمین: فرەژنی.......................................................................29
سی وسێ یەمین: پێشبینی و هەڕەشەی بەتاڵ.....................................................30
سی و چوارەمین: پێغەمبەرن بەڵام ڕوتن...........................................................30
سی و پێنجەمین: دەستریژیكردنە سەر ئافرەت.......................................................31
سی و شەشەمین: شەممە...........................................................................31
سی و حەوتەمین: سارە............................................................................31
سی و هەشتەمین: كۆیلایەتی بەفەرمانی خودا......................................................32
سی و نۆیەمین: هاوڕەگەزبازی.....................................................................32
چلەمین: كوڕەكانی خودا...........................................................................33
چلە ویەكە مین: گۆشتی بەراز.......................................................................33
چلە و دووە مین: لەشفرۆشی.......................................................................34

چله و سێ یه مین: ئافرەت...................................................................34
چله و چواره مین: خواپەرستی...............................................................35